# میدیا و ئەزمووونی کوردستان و پیاهەڵدانی بێ بنەما

**ئومێد کەمال**

یەکێك لە هەرە سیما دیار و بەرچاوەکانی دونیای دیموکراسی و بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، فرەیی لە راو بیر و بۆچوون و تەرحە پێشنیارکراوەکان لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، ئیدی ژیانی سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی.. بۆ ئەوەی زەمینەی فرەرایی دروست بێت پێویستمان بە سازدانی زەمینەی ئازادی سەرجەم کایەکاندا بەتایبەتیش لە راگەیاندنی رۆژنامەنووسیدا، چونکە ئازادبوونی راگەیاندن لە هەر وڵاتێکدا بەرتەسککردنەوەی قەڵەمڕەوی تاکڕەوی و کەم هێزکردنی هێزە پاوەنخوازەکانی لێ دەکەوێتەوە، دەزگای ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی پاش هەرەسهێنانی بلۆکی شەرقی لە نێوان ساڵانی (1990-2001) بڕی (270)ملیۆن دۆلاری سەرف کردووە بۆ پشتیوانیی دەزگا ئیعلامییە ئازادەکان، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە پێشتر لەسەر بلۆکی رۆژهەڵات بوون، بە شێوەیەکی وردتریش نزیکەی (182) ملیۆن دۆلار لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا چڕ کراوەتەوە، ئەمرۆ لە عێراق و کوردستانیشدا ئەزموونێکی لەو شێوەیە لە ئارادایە کە پاش هەرەسی رژێمی بەغدا سیاسەتی نێو عێراق لەلایەن زلهێزێکی وەك ئەمریکاوە ئیدارە دەکرێت، بودجەی خەیاڵیش لەو پێناوەدا خەرج دەکات بە مەبەستی گەشتن بە ئامانجەکانی خۆی، دیارە یەکێك لە ئامانجەکانیش بەرتەسککردنەوەی گیانی تاکڕەوانە و برەودانە بە ئازادیی بیرورا و ئازادیی رۆژنامەنووسی، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەو پشتیوانییە کەمتر بە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەدرێت و بەر لەوەی ئەو پشتیوانییانە بگاتە جێگای خۆی چەندین دەزگا و میدیا دەخەنە گەڕ بەناوی میدیای ئازاد و، هەوڵ دەدەن تەنانەت ئەم پشتیوانییە مادییەش بخەنەوە خزمەت درێژەدان بە باری نالەبار و خۆڵ لەچاوکردنی چاودێران، لە وڵاتێکدا مافی هاوڵاتیبوون لە پلەی بەستندا بێت میدیای ئازاد چیی پێ دەکرێت، قەڵەمی بوێر مەگەر هەر رووپەڕی رۆژنامەکان رەش بکاتەوە، یەکێك لەو مەینەتییانەش کە تا ئێستا هاووڵاتیان بە گشتی و رۆژنامە و میدیا بوێرەکان پێوەی دەناڵێنن، قەیرانی شاردنەوەی زانیارییە لە هاووڵاتی، تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانیش زۆر جار لە بوونی زانیاری لەمەڕ مەسەلە گەرم و زیندووەکان هەژارن، گەر بە دیقەتیشەوە باس بکەین هێندە لە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی پەرلەمانتاردان لە رووی مادییەوە، پاش ئەو زەمەنە گوزەراوەی کە بە سەر کوردستاندا هاتووە ئیدی جێگای خۆیەتی هەڵوێستەیەکی (جددی)ی لەسەر بکرێت و هەنگاوێك بهاوێن کە مایەی سڕینەوەی ناتەواوییەکانی رابردوو بێت، چونکە بانگەشەی ئەوەمان زۆر کردووە کە پێویستە ئەزموونی کوردستان لە عێراقدا وەك ئەزموونێکی نوێ تەماشا بکرێت، وەك فریادڕەس کتو مت لە عێراقدا دووبارە بکرێتەوە، ئیدی نازانین گەر ئەو مەسەلەیە بەو شێوە بڕواتە پێشەوە مەینەتیی زیاتر دووچاری هەموو لایەکمان دەبێت، پێویستە بەجورئەت بین و بڵێین هەڵەمان کرد، کە شەڕی بێ بنەمای نێوخۆ مایە پەشیمانییە، ئازادی و دیموکراسی بۆ پەردەپۆشکردنی ناتەواوییەکانە، رۆحی یەکتر خوێندنەوەمان لاواز و کزە، تکا دەکەین با هێزە تازە نەفەسەکانی بەغداش پەند لە ئێمە وەرگرن، نەکەونەوە هەڵەکانمانەوە، ئەزموونێکی نەوعی لە پێشماندایە هەوڵ دەن سوود لە باشییەکانی وەرگرن و خۆتان بپارێزن لەو هەڵانەی کە لە ماوەی (14)ساڵی ئەزموونی حوکمڕانیماندا تێی کەوتووین، ئێمە لای خۆمانەوە ئازادیی رادەربڕین تا ئەو سنورەی بووە کە هێڵی سووری نەبەزاندبێت، تکا دەکەین هێزەکانی بەغدا ئێوە خۆ دوور بگرن لەو رێوشوێنە نەشیاوانە، با ئازادیی رادەربڕین سنوری نەبێت، بەڵام راستگۆیی و وردەکاری و پاراستنی متمانەی رۆژنامەگەری بکەینە مەرجی قەبولکردنی ئازادیی رادەربڕین، ماوەتەوە بڵێین با پیاهەڵدان و بەگەورە خۆبینین نەبێتە خۆرەی گیانمان تا واقیعیانە لە داهاتوو نەڕوانین، هەڵوەستە بکەین و ئەزموونی کوردەواری بە (مراجعە)ی سەرجەم هێز و لایەنەکان و رۆشنبیران و میدیاکان و هەڵسوڕێنەرانیان دەبێت، پێکەوە کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دەبنە مایەی گەشەپێدانی ئەزموون و پاراستنی سەروەریی میللیمان.